لە رۆژنەی هەڵبژاردنەوە:

## ((دیواری بەرلین و دیواری دێگەڵە!))

ئەوی نەوێرێت ئاوڕ بۆ دواوە بداتەوە، رابوردوو وەبیربهێنێتەوە و بیخوێنێتەوە، نەوێر و ترسنۆکە!. ترسنۆکان، بچووک و گزگلن.
گزگلان، مێژوویەکی کورتەباڵا و شپرێو بۆ نەتەوە درووست دەکەن.
مەزنانی میللەتێک، کاتێک بە مەزنی دەمێننەوە کە لە مەزنیی نەتەوەی خۆیان بگەن و لە ئاست ئەو مەزنییەدا، خۆیان نەویتر ببینن!.
دیواری بەرلین، بەرهەمی کۆتایی پێهێنانی یەکەم جەنگی جیهان، شکستی بەرەی نازیسم و فاشیزم و دەستپێکی جەنگی ساردی نێوان دوو زلهێزی سەرکەوتووی جەنگەکە بوو.
دیواری بەرلین، ماوەی 44ساڵ جەستەی نەتەوەی ئەڵمان و وڵاتی ئەڵمانیای کەرت کرد. ئەم دیوارە، نزیکەی نیوسەدە، لەسەر نەخشە، لە نێو ناخی یەک نەتەوەدا، لەسەر رووبەری یەک نیشتمان؛ دوو وڵات، دوو کۆمەڵگە، دوو ئایدۆلۆژیا، دوو سیستەمی حوکمڕانیی بەرهەم هێنا!.
پانزە ساڵ پێش ئێستە و لە رۆژی 9ی ئۆکتۆبەری 1989دا، دیواری بەرلین کە وەکو سیمبۆلی کەرتکردنی ئەوروپا، چاوی لێ دەکرا، بە پاچی جەماوەری هەردوو دیوی دیوار، رما!. ئەو کرێکارەی یەکەم پاچی داڕوخانی دیواری وەشاند، بوویە پاڵەوانی نێو مێدیای ئەوروپا و هەنوکەش یادکردنەوەی ساڵانەی ئەو رووداوە پڕ مانایە لە وڵاتانی ئەوروپادا، جێگای دیار و بەرچاوی هەیە. ئەو رۆژە، دەستپێکی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوو دەوڵەت، دوو دەسەڵات، دوو پارچەی یەک نەتەوە بوو!. دارمانی دیوار و هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی دوو دەسەڵات، بە راپرسی و لە پرۆسەی هەڵبژاردن و سندووقی دەنگدانەوە، دەستی پێ نەکرد. واتە: سڕینەوەی لەمپەر و دارمانی دیوار و هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی دامودەسگاکانی دەسەڵات، ئەوجا هەڵبژاردن و وەرگرتنی رەوایی حوکمەت و حوکمڕانی لە سندووقی دەنگدانەوە.
دێگەڵە، دیوارێکی نەبینراوی نێوان دوو حیزب، دوو دەسەڵات و دوو ئیدارەی کوردییە لە باشووری کوردستاندا. دیواری دێگەڵە، بەرهەمی دوا جەنگی گەرم و خوێناویی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتیی

کوردستان و دەستپێکی جەنگی ساردی نێوانیانە کە هەشت ساڵان تەمەنیەتی و کەللەشەق و لووتبەرزانە لە بەردەم رووداوە سیاسییەکاندا وەستاوە و ئامادە نییە وا بە ئاسانی تخێڵ ببێت و رێگا بۆ گەمەی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دیموکراتییانەی دەسەڵات خۆش بکات!.

رێککەوتننامەی واشینتۆن، حەوت ساڵ لە تەمەنی خۆی دەپێچێتەوە و جگە لە جۆرێک لە ئاساییکردنەوەی دۆخی کوردستان و رەواندەوەی تەمومژی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان دوو حیزب، هێشتا بە لوتکەی ئامانجەکانی خۆی (یەکدەسەڵاتی و یەکئیدارەیی)، نەگەیشتووە!.

پرۆسەی ئازادیی ئێراق، ئەنجوومەنی حوکم، گرتنی سەدام و سەرانی بەعس، دەوڵەتی کاتی و یاسای بەڕێوەبردنی، جەنگی تیرۆر و مەترسییەکانی، گیرخواردنی کەرکووک و ناوچە رزگارکراوەکان لە نێوان ئێراق و کوردستاندا و گەلێک ئاڵوگۆڕ و رووداوی سیاسیی دیکەی کوردستان و ئێراق و جیهان، نەیانتوانی ببنە هەوێنی تێکهەڵکێشانەوەی دوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی!.

ئێستا ئێمە، لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بە دوو ئیدارە و چەندین حیزبی گەورە و گچکەوە وەستاوین!. ئێستا کورد، پاش دوانزە ساڵ لە شکستخواردنی ئەزموونی یەکەمی هەڵبژاردن و مەینەتییەکانی ئەو شکستە، خۆی بۆ ئەزموونێکی دیکە و لە هەلومەرجێکی دیکەی تەواو جیاواز و ناسکدا، ئامادە دەکات!.

ئەمجارەیان، پارتی و یەکێتی، نەک وەکو دوو حیزب، بەڵکە وەکو دوو دەسەڵات و دوو ئیدارە لەبەردەم سندوقی دەنگداندا دەوەستن!. ئەمە دیاردەیەکی بێوێنە و پرۆسەیەکی زێدە سەخت و پێچەڵپێچە و ئەزموونی هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسی لە دنیادا، کەمتر دیاردە و حاڵەتی وەهایان بەخۆوە دیتووە!!.

دیارە کە یاسا و رێساکانی هەڵبژاردن و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی گەمەی دیموکراسی لە دۆخی ئاسایی و لە کۆمەڵگە مۆدرن و تەندروستەکاندا دیار و زانراون. بەڵام داخۆ لەم دۆخە ریزپەڕ و واقیعە نائاساییەی کوردستاندا، چی بکرێت و چلۆن دەکرێ ئەم ئەزموونە بە نیمچەسەرکەوتوویی تێپەڕێنرێت؟!.

زۆر کەس و لایەن هەن پێیان وایە کە شێوازی درووست و دیموکراسییانە ئەوەیە: پارتی و یەکێتی بە لیستی تایبەت و بەرانبەر بە یەکدی دابەزن!، ئیدی ئەوە سندوقی هەڵبژاردن و دەنگی هاوڵاتییە کە کۆتایی بە دوو ئیدارە و دوو دەسەڵات دەهێنن و متمانەی خۆیان دەدەنە ئەو لایەنەی زۆربەی دەنگەکان وەردەگرێت!.

خاوەنانی ئەم رایە، لە رووکەشدا کەسانێکی دیموکراتن و دەستیان بە پرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە گرتووە. بەڵام واقیعی کۆمەڵگەی کوردی و ئاستی پابەندبوونی حیزبی کوردی بە ئەنجامی دەنگدان و بەهەندگرتن و رێزلێگرتنی دەنگی هاوڵاتی شتێکە و تیورەکانی دیموکراسی شتێکی دیکەن.

مێژووی حیزبی کوردی (پارتی و یەکێتی!)، پێمان دەڵێ: ئەوان چەند قۆناغێک لە سندوقی دەنگدانەوە دوورن و ئەستەمە دوو ئیدارە لە سندوقی هەڵبژاردندا یەک بگرن و دەسەڵات لەوێدا جێگۆڕکی بکات!.

من پێم وایە: دۆخی ئێستای کورد، دەشێ لەسەر حیسابی دیموکراسی (تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە) رابگیرێت و لەگەڵ زەمەندا بۆ پێشەوە دەرباز بکرێت!. یەکێتی و پارتی کە ناتوانن رکبەر و دژبەر بن، دەشێ بەجۆرێک لە جۆرەکان هاوکار بن و لەسەر (رێژەیەک) رێک بکەون!... واتە پێکەوە و بە یەک لیست، بەرانبەر حیزب و هێزەکانی دیکە دابەزن!.

من، دەزانم ئەمە چ پرەنسیپێکی دیموکراسی تێدا نییە، بەڵام ئەوان کە لەسەر ئەم (تیورە فۆلکلۆرییە!!) کار بکەن کە دەبێژێ: (پیاو، دۆمینە دەدۆڕێنێ، دەیکاتە شەڕ، ئەگەر دەسەڵاتی دۆڕاند چ دەکات؟!)، ئیدی دەبێت ئیجازە لە دیموکراسی وەربگرین و هەموو هەوڵەکانمان بۆ داخستنی دەرگاکانی شەڕ بێت و زەمەنێکی دیکەش بدەینە ئاشتی!.

دەبێ دڵنیا بین کە دیواری بەرلین و دیواری دێگەڵە، ناتوانن بە یەک خێرایی بڕووخێن و ئێمەش تا زەمەنێکی دیکە بە قەدەری (پارتی و یەکێتی) مەحکومین!... قەدەرێک کە تەنیا بەردەوامیی ئاشتی و پشوودرێژیمان لەگەڵ زەمەن، دەتوانێ بیگۆڕێت!.

پشکۆ نەجمەدین
2004 / 11 / 22

Pishko2000@hotmail.com